# پرسیار و وەڵام

## Kurdi Sorani (کوردی سۆرانی) چ دەکات؟

بەم پرۆگرامە دەتوانن لە Windows و MS Office و OutlookExpress و MSN Messenger کوردیی سۆرانی بە پیتی عارەبی بنووسن.

## چۆن ئیش دەکات؟

دوای دابەزاندن و دامەزراندن (install)ی ئەم پرۆگرامە، پیتچن (کیبورد)یکی کوردی بە ناوی Ar لە لای کاتژمێری کۆمپیوتەرەکەت دروست دەبێت. سەیری ئەم وێنەیە بکە:




پاش ئەو دامەزراندنە، ئەگەر بە لای چەپی مشکەکە Ar هەڵبژێری دەتوانی لە گەڵێ پرۆگرامی نووسیندا بە زمانی کوردی بنووسی، بۆ نموونە لە WordPadدا، بەڵام پێشەکی فۆنتێکی کوردی هەڵبژێرە (بۆ نموونە: Kurdi Aram).بۆ ئەوەی لە راستەوە بو چەپ بنووسیت Ctrl و Shift ی لای راستی کیبۆردەکەت داگرە. واتە مارکۆری نووسینەکەت دێتە لای ڕاستەوە.




بۆ گۆڕینی زمانی کیبۆرد، Alt و Shift ی دەستی چەپی کیبۆردەکەت داگرە . گۆڕینی زمان لە وێنەی کیبۆرد کە لە لای کات ژمێری کومپیوترەکەتە دەبینیت.







Ar بۆ زمانی کوردییە و En بۆ ئینگلیزییە یاکوو زمانی تر وەک سویدی Sv.

دەتوانیت هەروەها ماوس بۆ گۆڕینی زمان بەکار بێنیت.

بۆ ئەوەی لە ڕاستەوە بۆ چەپ بنووسیت Ctrl و Shift ی لای راستی کیبۆردەکەت داگرە. واتە مارکۆری نووسین دێتە لای

ڕاستەوە.




بۆ ئەوەی لە چەپەوە بۆ ڕاست بنووسیت Ctrl و Shift ی لای چەپی کیبۆردەکەت داگرە. واتە مارکۆری نووسینەکەت دێتە لای چەپەوە.




لە Office ٢٠٠٠ و دوایی دەبێ Microsoft Office Language Settings دانرابێت و یەکێک لە زمانەکانی عەرەبی یان فارسی یان ئوردوو (اردو) تیک Tick کرابێت.






## فۆنتەکانی کامانەن؟

٤ فۆنت لەگەڵ ئەم پرۆگرامەدا دەنێردرێت بە ناوی

Kurdi_Aram

Kurdi_Arezo

Kurd_Asrin

Kurdi_Avat

لە فۆنتەکانی کورد سۆفتیش Kurd Soft دەتوانن کەڵک وەرگرن. (مۆڵەت لە کورد سوفت وەرگرە)

---

## چۆن نامەی ئەلەکترۆنی (e-mail) ـ ئی مێڵ ـ بە کوردی بنێرم؟

لە Outlool Express ئەم کارانەی خوارەوە بکە:









## تێبینی

ئەو کەسەی ئی میلی بۆ دەکەیت دەبێ ئەو فۆنتەی تۆ بەکاری دێنیت لە کومپیوترەکەیدا هەبێت.

---

## جیاوازیی کیبۆردی ستاندارد لەگەڵ ترانسلیتیت چییە؟



پیتچنی ستانداردی (ئاسایی) کوردی

* ڕەش En (لاتین)　* سوور Ur　* شین Ur لەگەڵ Shift



پیتچنی ترانسلیتد (Translated لە سەر بناغەی لاتین) کوردی

* ڕەش En (لاتین)　* سوور Ur　* شین Ur لەگەڵ Shift

ئەگەر نووسینی کوردی زۆر بەکار دێنیت، باشتر وایە پیتچن (کیبۆرد)ی ستاندارد بەکار بێنیت و پیتەکانی کوردی لەسەر پیتچن (کیبورد)ەکەت بنووسیت.

---

## چۆن دەتوانم بیگۆڕم؟

لە ناو Start/Program/Kuri Sorani (Kurdish) کلیکی Change to Kurdi Standard Keyboard! بۆ گۆڕینی کیبوردەکەت بە کیبوردی ستانداردی کوردی

کلیکی Change to Kurdi Translated Keyboard! بۆ گۆڕینی کیبوردەکەت بە کیبوردی ترانسلیتیت کوردی

دوای هەڵ بوونەوەی کۆمپیوترەکەت، کیبوردەکەت دەگۆڕدرێ.




---

بۆ پرسیار و تێبینیی زیاتر پێوەندی بکە بە ئەردەوان ardawa@yahoo.com